Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10321

# ڕەنگدانەوەی کەرکوك لە چەند دەقێکی (شێرکۆ بێکەس)دا

**شیدا رشید محەمەد[١]، دیار فائق مجید[٢]**

١- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی کەرکوك لە چەند دەقێکی شێرکۆبێکەس دا)یە، تێیدا باس لە دەرکەوتەی شاری کەرکوك کراوە لە کۆمەڵێك دەق شاعیر شێرکۆ بێکەسدا. کەم نین ئەو شاعیرانەی لە سەر کەرکوك و کوردبونی کەرکوك و رۆڵ و پێگە و ئازارەکانی ئەو شارە نووسیویانە، نوسین و توێژینەوە لە سەر ئەو شارە زۆر هەڵدەگرێت، چ لە رووی مێژووەوە بێت، یان لە ڕووی ستراتیجی شارەکە و شوێنی جوگرافیا و سامانە سروشتییەکانییەوە.

کەرکوك ئەو شوێنە یۆتۆپییە ڕازێنراوەیە ،کە لە یادەوەریی شێرکۆبێکەسدا ،هەمیشە بوونی هەبووە و مەیدانی ململانێی ڕووداو و کارەساتەکانە، شاعیر ڕاستەوخۆ نەهاتوە وێنەی کەرکوك و رووداوەکانمان بۆ بگێڕێتەوە، چونکە ئەوە کاری مێژوونوسانە، بەڵکو شێرکۆ لە ڕێی بنەماکانی شیعرەوە کەرکوکمان بۆ دەخاتەڕوو، بەجۆرێك بەکارهێنانی کەرکوك لای شاعیر، وەك ڕەمز یان هێما و شێوازە جیاوازەکانی بەکارهێنراوە، زیاتر لە چوارچێوەی یەك بیردا سوڕاوەتەوە بە پشت بەستن بە زمانی دڵ و کامێرەی چاو و بیرکردنەوەی مێشك، بە یەك میکانیزم و داینەمۆ هەڵی سوڕاندوە، ئەویش بیری کوردایەتی بووە. زەمینەی ئەم هزرە جیهانبینییە ماکی لە دایکبوون و ڕسکانی بەشی هەرە زۆری بەرهەم و شاکارەکانی شێرکۆ بێکەسە، بەهرە و سەلیقەی شاعیرانەی مەزن بووە، چاوی کامێرەی زیتە و وردە وردە سەرنجی لە شتەکان و ڕووداو پێشهاتەکان دەگرێت و تێیان ڕادەمێنێ.

***Article Info***

Received: April, 2022

Revised: April, 2022

Accepted: May, 2022

***Keywords***

شیعر، کەرکوك، زمانی شیعری، وێنە، شێرکۆ بێکەس

***Corresponding Author***

**diyar.faeq@garmian.edu.krd**

**Shaida.rashed@garmian.edu.krd**

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی کەرکوك لە چەند دەقێکی شێرکۆ بێکەسدا)، هەوڵێکە بۆ خستنە ڕووی پێگە و گرنگیی ئەم شارە پەراوێزخراوە، لە دەقەکانی شێرکۆدا لە ئاستی روخساری دەقەکانی لە ڕووی (وێنەی شیعری)یەوە بە تایبەتی . دەستنیشانکردنی (کەرکوك ) وەك ناوەندێکی فرە ڕەهەند لە دەقەکانیدا بە پێی ئەزموونە جیاوازەکانی شیعرییدا تەژییە لە کەرکوك و هێمای کەرکوك. دەنگێ لەو دەنگە شیعرییانەی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە گەرمەی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵەی خەڵکی چەوساوە دەرکەوت. ڕاستەوخۆ ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبدۆستان و شۆڕشگێڕاندا پەیدا کرد، هەر لە ساڵانی سەرەتایی شیعرییەوە تاکو قۆناغە کۆتاییەکانی تەمەنی دەنگە شیعرییەکەی لە خزمەت پرسە جیاوازەکانی نەتەوەکەیدا بووە و تێکۆشەرانە پەیتا پەیتا گۆڕانی خۆڕاگری و هەڵوێست و هاوارە خنکاوەکانی نەتەوەکەی گەیاندووە بە جیهان، بەرهەمەکانی سنوری وڵاتانی تێپەڕاندوە بەرفراوانی و ئەزموونە جیاوازەکان و دەوڵەمەندی فەرهەنگی شیعری سیمای جۆراوجۆریی داهێنانی شیعری بەرهەمهێناوە. ئەمانەش ڕاستەوخۆ ئەو بوارە لەبەردەم توێژەران دەکاتەوە، توێژینەوەی زانستییانە دەربارەی ئەنجام بدەن و تەنانەت پسپۆریشی_ تێدا بە دەستبهێنن. ئەم توێژینەوەیە تەنها لایەنی ڕووخسار لە خۆ دەگرێت،لەناو روخساری شیعریدا تەنها لایەنی وێنەی شیعریمان هەڵبژاردوە.

## گرنگی توێژینەوەکە

کەرکوك پێگەیەکی گرنگی هەیە لە هزری نەتەوایەتیی کورد دا، بە تایبەتی لەم قۆناغەی ئێستاماندا، هەروەها هیچ

توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بە دەقەکانی شێرکۆ بێکەس لەم بوارەدا ئەنجام نەدراوە.

## میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەکە وەسفیی شیکاریی مێژوویی رەخنەییە، بە جۆرێك لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە باس لە مێژووی شاری کەرکوك کراوە و لە بەشی دووەمدا باس لە ڕەنگدانەوەی کەرکوك لە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیردا کراوە.

## سنوری توێژینەوە

لە چوارچێوەی دەقەکانی شێرکۆ بێکەس دا و لە دووتوێ هەشت بەرگی چاپکراودا، کەرەستەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە بەرگی یەکەم و دووەمی بەرهەمە شیعریەکانی، لەگەڵ دیوانی خێراکە... مردن خەریکە دەگات.

## ناوەڕۆکی توێژینەوە

توێژینەوەکە خۆی لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی دەبینێتەوە، بەشی یەکەمیان بەشێکی تیۆرییە بە ناونیشانی: مێژووی کەرکوك و باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی، لە بەشی دووەمدا لە ژێر ناونیشانی: کەرکوك لە ئاست روخساری شیعرەکانی شێرکۆدا دا، تیشك دەخەینە سەر ئەو دەقانەی کە کەرکوك هەوێنی دروستبوونیانە.

## بەشی یەکەم // مێژووی کەرکوك و باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی

### تەوەری یەکەم :

1- کورتەیەك لە سەر مێژووی شاری کەرکوك:

کەرکوك بە هۆی پێکهاتە ئابورییە بەهێزەکەیەوە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تاوەکو هەنوکە، کەوتووە تە بەرچاوی وڵاتانی زلهێز، بە تایبەتی ململانێکانیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا روونتر دەردەکەون، کاتێك نەوت جێی خەڵوزی بەردین دەگرێتەوە، کەرکوك رێژەیەکی بەرچاو لە سامانی نەوتی تێدایە، هەروەها خاڵێکی تریش کە بە سەرەتای دروستبوونی ململانێکانی سەر ئەو شارە دادەنرێت، دەگەڕێتەوە بۆ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ڕۆژگارەکانی دەسەڵاتدارێتی مەلیك محمود لە ناوچەی سلێمانی و داواکارییەکانی، کە بەریتانییەکان ئەوەیان رەتدەکردەوە، کە لەو کاتەدا هەر سێ ویلایەتی عێراقیان لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا داگیرکردبوو.(محمود،2018: 376) بایەخدانی زلهێزەکان بە نەوت تاکە هۆکار نەبووە بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەم ناوچەیەدا بگرن، بەڵکو وڵاتە ئەوروپییەکان زۆر لەوە پێشتر لە رێگەی گەریدە ئەوروپی و بازرگان و ڕۆژهەڵاتناسانەوە گرنگی شوێنی جوگرافی و بازرگانی و سەروەت و سامانی ئەم خاکەیان دەزانی و ویستویانە بیخەنە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیانەوە، لەبەر ئەوە پلانی دەست بەسەرداگرتنی ئەم خاکەش دارێژاوە

"لە ئەنجامدا بەپێ رێکەوتننامەی ( سایکس – بیکۆ) لە ساڵی ١٩١٩ داکە رکوك کەوتبووە ناو ناوچە دابەشکراوەکانی نێوانیان. شاری کەرکوك، کە بەشێك بوو لە ویلایەتی موسلی ئەو دەمە، بەشێك نەبوو لە عێراق ساڵی (١٩٢١) وە، کە ئینگلیزەکان وەك دەوڵەت دروستیان کرد، بەڵکو کەرکوك وەك بەشێکی گرنگی ویلایەتی موسڵ دوای کێشەیەکی چەند ساڵەی نێوان بەریتانیا و تورکیا و نێوەندگیری کۆمەڵەی گەلان و تێپەربوونی (50) ساڵ بەسەر دامەزراندنی عێراقدا لە ٩/ حوزەیرانی / ١٩٢١ دا لکێندرا بە دەوڵەتەوە" (شێخ بزێنی ،1:2017) شاری کەرکووك لە کۆنەوە کوردنشین و شارێکی کوردانە بووە، مەڵبەندی شارەزوور بووە، وەکو لە ساڵنامەی جوگرافی سەردەمی سەرجونی ئەکەدی (2530-2447) پێش زایین هاتووە، شارێکی زۆر کۆنە و بە ناوی (ئەربخا) هاتووە. ئەم شارە کەوتوەتە داوێنی دەشتایەکانی چیای زاگروسەوە بە تایبەتی لە بەشی سەرووی ڕۆژهەڵات، لە لای باشوورییەوە بە نزیکی (١٠٠) کم ڕیزە چیای (حەمرین) دێت و ئەم ڕیزە چیایە، لە ڕووی جوگرافییەوە، کۆتایی سنووری وڵاتی کوردستانە، کە بەرە و مەندەلی درێژ دەبێتەوە.(شوانی، 9:2007) کەرکووك بە (باوەگوڕگوڕ)یش ناوی دەرکردووە لە ناو کوردەواری، لە رووی فولکلۆرییەوە ئەم ناوە پیرۆزە و لە هۆنراوەی فولکلۆریدا دەوترێت: (باوەگوڕگوڕ بە گوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم). بێجگە لەوەی کە ئەم شوێنە بە سامانترین شوێنی نەوتە و بریتییە لە ڕیزە ئاگرێك، هە میشە دەوروبەری شارەکەی رووناك کردۆتەوە.

### تەوەری دووەم// باری رۆشنبیری و ئەدەبیی شاری کەرکوك

ئەگەر سەیری مێژووی ناوچەکە بکەین دەبینین خاوەنی ئاوەزێکی ڕۆشنبیرییە، هەر لە "سەردەمەکانی نوزی و چەرموومەتارە و کوڕ و خانی ئەراپخا-ئیلانی (قەڵا)کە هەر یەکەیان هەڵگری ماوەیەکی دیاری رۆشنبیرین "(محمد،5:2006) قۆناغەکانی گەشەکردن و بەروپێشەوەچوونی شاری کەرکوك لە بواری رۆشنبیری و شارستانێتی و زۆری ژمارەی دانیشتوان، لە سەرچاوەکاندا بۆچوونی جیاوازی لەسەر دراوە، بە شێوەی قۆناغ گوڕانکارییە مێژوو رۆشنبرییەکانیان دەستنیشانکردووە و کردویانە بە (11) قۆناغەوە (محمد،2006:36ـ 8). جێگەی ئاماژە بۆکردنە بەهۆی زۆری و چڕی بابەتەکە ناتوانین ئاماژە بە هەموو قوناغەکان بدەین، پێمان وایە لە مەبەست و ناوەڕۆکی بابەتەکەمان بەدورمان دەکات. کەرکوك وەك شارێکی دێرینی سەر خاکی کوردستان "هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە رۆڵی گرنگی بینیوە، شوێنی ڕووداوە مێژوییەکانە لە چاو ناوچەکانی تری کوردستاندا

ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و سروشتی شارەکە، هەمیشە داگیرکەران هەوڵی داگیرکردنیان داوە و بەر لێشاوی شێواندن و کاولکردن و شێواندنی شوێنەوارەکان بووە و دانشتوانی شارەکە توشی ئازار و گۆڕینی ناوەوە و تێکدانی باری دەرونی بوون، ئامانجیان زیاتر سڕینەوەی ئەم خاکەیە لە سەر نەخشەی کوردستان، بەڵام تاکەکانی ئەم شارە نەبەردانە و دلێرانە بە هەموو شێوازێك بەرپەرچیان داوەتەوە و پارێزگارییان لە ناسنامەی کوردبونیان و کەلتور و نەتەوە و ئەدەبیان کردوە "چونکە رۆشنبیری و ئەدەبی لەم شارە مێژوویەکی دێرینی هەیە ئەم کاروانەیش هەتاوەکو هەنوکەیش بەردەوامی هەیە و لە پێشکەوتنایە، لە مێژووی شارەکەدا چەندین کەسی رۆشنبیر و شاعیری تێدا هەڵکەوتوە "بە دەقەکانیان ریالیزمیانە بارودۆخ و ئاستی ئاینی و ئەدەبی و سیاسی کۆمەڵایەتی شاریان دەرخستوە، رۆڵێکی بەرچاویان لە رۆشنبیرکردنی کەلتوری شارەکەدا بینیوە، هەروەها لە رووی رۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی چاپ و چاپەمەنییەوە کەرکوك ناوەندێکی گرنگ بووە، چەندین رۆژنامە لەو شارەدا سەریهەڵداوە دیارە ئەمەش بە هۆی کاریگەری و دامەزراندی هەموو ئەو پارتە و رێکخراوە ئەدەبی و رۆشنبیرییانە لە شارەکانی تر وەك هەولێر و سلێمانی سەری هەڵدا.

رۆشنبیرانی ئەم شارەیش هەر زوو هەستیان بەوە کرد پێویستە کەرکوکیش وەك شارەکانی تری کوردستان گرنگی بە لایەنی رۆشنبیری و بابەتی ئەدەبیی بدات، ئەوە بوو چەندین رۆژنامە و گۆڤاری هەمەچەشن و هەمەجۆر سەریهەڵدا و لە پێشخستی ئاستی رۆشنبیری و گەشەکردنی هرزی تاکدا رۆڵیان هەبووە، لەوانە " ( رۆژنامەی کەرکوك – نجمة کركوك) کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە (1923/2/26) دەرچووە، ئەم رۆژنامەیە زیاتر ڕە نگدانەوەی ململانێی نێوان حوکمەتەکەی ئینگلیز و حوکمەتەکەی شێخ محمودی حەفید بووە " ئەم رۆژنامەیە لە سەرەتاوە بە زمانی تورکی بووە و چەند ژمارەیەکیشی بە زمانی کوردی دەرکراوە و هەتا ساڵی (1926) بەردەوام بووە ".(جەباری،2008:67) دواتر گۆڕییان بە هەواڵنامەیەکی هەفتەیی لە ژێر ناوی (کەرکوك )، کە بە زمانەکانی کوردی و تورکی و عەرەبی دەردەچوو، تا ماوەیەك بەو شێوازە بەردەوام بوو، پاشان بەشی کوردییەکەی لادرا و تا ساڵی (1930)، پاشان بەشێکی بە زمانی کوردیی دووبارە زیادکرایەوە (جەباری،1974:13)، لە رووی هەبوونی دەزگای چاپ و چاپەمەنییەوە چەندین دەزگای چاپەمەنی تێدا دامەزراوە، "شاری کەرکوك لە عێراقدا بە چوارەم شار و لە کوردستاندا بە یەکەم شار ئەژمێردرێت " کە چاپ و رۆژنامەی بە خۆیەوە بینیوە لە پاش شاری بەغداد و موسڵ و بەسرا دێت".(جەباری،1974:12) لە ساڵی (1296) ی رۆمی بەرانبەر (1890) زاینی چاپخانەیەکی تێدا هەبوو بە ناوی (ولایە) لە سەردەمی ( فەیزی پاشای والیدا) دامەزراوە. پاش ئەوەی کە موسڵ بوو بە ناوەندی ولایەت ئەم چاپخانەیە گوێزراوەتەوە بۆ موسڵ. (جەباری،2008:65)" لە دوا قۆناغی حوکمی عوسمانییەکاندا و لە ساڵی 1909زاینی لە سەردەمی موتەسریفی کەرکوك (محمد عون الله)دا چاپخانەی (صنایع) دامەزراوە، کە زیاتر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گوڤاری ئەوە سەردەمە بووە، بەڵام پاش ئەوەی عوسمانییەکان کەرکوکیان داگیرکرد، ئەم چاپخانەیە پەکخراوە، پاشان لە سالی (1911) لە لایەن (ئەحمەد مەدنی)ی رۆژنامەنوسەوە چاپخانەیەك بەناوی (الحوادث)هوە دامەزرا "لەم چاپخانەیە رۆژنامەی (حوادث) چاپکراوە و تا سالی (1918) کاریکردوە، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی بە هەوڵ و کۆششی. خەڵك و حوکمەت چەندین دەزگای چاپەمەنی لە کەرکوك دامەزراوە و بەردەوامبوون لە بڵاوکردنەوە و چاپکردنی کارو چالاکی و بەرهەمی هەمەجۆر، وەك چاپخانەی (الترقی، الهلال الشمال، الجمهوریة، الحکمة، التجارة). (عثمان،2018:5) نوسەران و شاعیرانی وەك هیجری و ئەسیری و شێخ سەلام و ئەحمەد موختار جاف و عبدالواحید نوری و ئیسماعیل حەقی شاوەیسی. لە کەرکوکدا بەرهەمیان بڵاوکردوەتەوە و شاری کەرکوك شاری پێکەوە ژیانی نێوان کورد و عەرەب و تورك بووە و مەڵبەندی کوردایەتی و کومەڵایەتی و کۆبونەوە و گونگرەکان بووە. "ئەمەیش ئەو راستییە ناشارێتەوە کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە و خەسڵەتەکان و سیمای کوردانەی ئەم شارە لەو سەردەمەدا بریتی بووە لە کتێبخانەی (کوردستان)ی عومەر بێکەس و کتێبخانەی محمد ئەمین عەسری و دەرکەوتنی گۆڤاری (شەفەق، رۆژنامەی ئازادی و ڕای گەل) " (شوانی .10:207).

ئەگەر چاوێك بە مێژووی باری رۆشنبیری ئەم شارەدا بگێڕین، هەر لە کۆنەوە هەتا وەکو ئێستا چەندین شاعیر و نوسەر و توێژەری تێدا هەڵکەوتوە، بەڵام وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە. هەڵکەوتەی جوگرافیای ناوچەکە هەمیشە کێشەی بۆ ئەم شارە دروستکردوە، هەربۆیە ئەم ناوچەیە لە چاو ناوچەکانی تری دەوروبەری دەستی ڕەشی دوژمنانی زیاتر پێگەیشتووە و ڕوبەڕوی وێرانکاری و کاولکاری بوەتەوە، بە جۆرێك دانیشتوانەکەی هەمیشە لە دەربەدەریی و ئاوارەبووندا ژیاون، هەربۆیە زۆرێك لە بەرهەمی شاعیرانی بزر بوون و فەوتاون. "دەڤەری گەرمیان لە ماوەی چەند سەد ساڵێکدا مەنبەعی شیعر بووە و لە شاعیران دانەبڕاوە، تائێستا بەڵگە گەلێکی حاشا هەڵنەگر بوونی بزاڤێکی شیعری و شاعیرانێکی زۆری دەشتی کەرکوك دەسەلمێنن" (بەرزنجی، سابیر،2015: 4). سەبارەت بە فەوتانی بەرهەمی شاعیران ( ئەمین فەیزی)

دەڵێ: ((ئودەبــا و شــوعەرایی کــورد زۆرن، لاکــین ئاســاریان بـــە تـــەواوەتی جمـــع و تـــەئلیف نەکراوە))(ئـــەمین فـەیزی،1982،ل25)، زۆر جـاریش لـە بەرهـەمی شـاعیرانی ناوچەکەوە ئەو راستییەمان بۆ دەردەخەن ، ناوچەکە خاوەنی شاعیرن، هەروەك شێخ ڕەزای تاڵەبانی (1831-1910) لە تاك بەیتێکدا لە بارەی زۆری ژمارە شاعیرانی سەردەمەکەی و خراپی بەرهەمەکانیان دەڵێ:

چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا

بوەتـە حـەشری نێرەکـەر لـە م حـوجرەدا ( تاڵـەبانی ،2005،ل228)

ئەمە و دەیان بەڵگەی تـر ئاماژە بـە زۆری شـاعیرانی ناوچەکە دەکـەن، شـاری کـەرکوك وەك شـارەکانی تـری کوردسـتان، مـەڵبەنـدی سـەدان شـاعیر و ڕۆشـنبیری بـەتوانا بـووە، کـە ماوەیـەکی زۆر خزمـەتیان بـە وێـژە و مـێژووی نەتـەوەی کـورد کـردوە، هــەروەك (حـاجی قـادری کـۆیی 1816-1897) لـە دیوانەکەیدا لە دەقێکدا بە ناونیشانی (شەهسواری کوردان)دا لە بارەی شاعیرانەوە دەڵێت:

دەشتی کەرکوك وکێوی هەورامان

شاعیری زۆرە بێ حەد وپایان

سادە هەرناویان بکەم ئیملا

ئەم کتێبە بچوکە بەش ناکات (کۆیی،2007:189)

بەم پێیە بێت کەرکوك شـوێنی دەرکەوتنی چەندین شاعیری کوردە "هـەر لە پیر ئەحمدی کەرکوکیەوە تا وەکو ڕەنجوری و شـاعیرانی کـە بـە درێـژایی سـەدەکانی پێشـوولە بـواری شـیعردا حزوریـان هـەبووە، بەشـێکی ئـەدەبی کوردییـان فـراوان کـردوە تێکستەکان لە سەرەتادا بابەتی ئاینی یارسان بووە پاشان بەرەو هەمەڕەنگی ناوەڕۆك ڕۆیشتوون."(جەباری ،2016:36) شاری کـەرکـوك لـە سـاڵانی چـل و پـەنجاکانـدا، شـوێنی نـاوداران و ڕۆشـنبیران و پیاوماقوڵانی کـورد بـووە و، زوربـەی ڕۆشـنبیرانی کـــورد تیایـــدا کۆبوونەتـــەوە و ســـەقامگیربوونە ، لـــەم ڕووەوە مەڵبەنـدی ژیانی سیاسی و ڕۆشـنبیریی کـوردان بـووە، وەکو سێ کوچکەی یەکگرتنی نێوان شارەکانی کوردستان بووە، خانەقا و تەکیەی تاڵەبانی و خادم سجادە لەم ڕوو بە ناوبەندی بە یەکگەیشتنی دادەنرێت" (شوانی ،2007:10).

هـەر لـە پـەنجاکانی سـەدەی بیسـتەمەوە سـەرەتایەکی تـر لـە جوڵانەوەی ئەدەبی لەم شارەدا سەریهەڵدا کە جۆرە هاوکاری و تەبایـەکی هاوبـەشی نێـوان نوسـەران و کەمینـەکانی تـر بـەرچاو دەکـەوێت، ئــەم ســەرهەڵدانە لەلایــەن کۆمــەڵێ نوســەر و ڕۆشـنبیری خـەڵکی کـەرکوك لـە (کـورد و عـەرەب و تورکمـان و ئاشوری لە نێوان ساڵانی (1955-1968) بەهەوڵی نوسەران و شـاعیران،لەوانە (محێـدین زەنگەنـە و سـەلاح فـەیاق و زوهێـد داودی ...هتد) ڕۆڵی گرنگیان لـە پێشخسـتنی بـاری ڕۆشـنبیری شارەکە هەبوو) (سعید ،2005:78).

لە کۆتایی ساڵانی "شەستەکاندا بەغداد و کەرکوك بە هۆی پێگــەی ڕۆشــنبیری هەردوکیانــەوە بــەهۆی بەیــەکاچوون و پێکگەیشـتنی بیرو بـاوڕ و ڕەوت و ڕێبازەکانەوە بـە هـۆی زۆری سـەرچاوەی ڕۆشـنبیری بێگانەوە، کە بـووە هـۆی ئەوەی ببێتە سەنتەرێك و ڕۆڵی بنەڕەتیان بینی لە کاریگەری و کارتێکردن بۆ سـەرهەڵدانی ئەڵقـەی گـۆڕانی ئـەدەبی کـوردی لـە عێراقـدا " (بازرگـان،2013:8). دوابـەدوای ڕێکەوتنامـەی (یـانزەی ئـازار ساڵی 1970)ی نێوان شـۆڕشی کـورد و حوکمەتی عـێراق دۆخی سـیاسی و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری گـۆڕانی بەسـەردا هـات، هــەروەها زەمینەیــەکی لــە بــار لەبــەردەم ڕەوتــە ئــەدەبی و شیعرییەکاندا خـۆش کـرد، بەرگێکی نوێی بە بەردا کـرا، چونکە بەشـێکی زۆری چاپەمەنییـە کوردییـەکان لـە عـێراق لـە لایـەن کوردەکانەوە چاودێری ئەکران و چەنـدین ڕێکخـراو و دەزگای ڕۆشـنبیری دامـەزران، وەك بەڕێوەبـەرێتی خوێنـدنی کـوردی و دەزگای ڕۆشنبیری کوردی و گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژنامەی هاوکاری و دامەزراندنی یەکێتی نوسـەرانی کورد، کە هــەموو ئەمانــە ڕۆڵی کاریگــەریان هــەبووە لــە جۆشــدان و بڵاوکردنـــەوەی بەرهـــەمی ئـــەدەبی و شـــیعر کـــوردی .(ســـعید،2008:25)، بـــەڵام دوای هەڵوەشـــاندنەوەی ڕێکەوتنامەکـە مـاڵوێرانی و سیاسـەتی بەعـەرەبکردن دەسـتی پێکرد، پاشان ساڵ لە دوای ساڵ دۆخی ئەم شارە لە ناجێگیری و لـە کێشمەکێشـەدا بـوو، هەنـدێك لـە نوسـەران و ڕۆشـنبیران بـە قۆنـاغی کـپ بـوون و تواندنـەوە نـاوی دەبـەن، هـەتاوەکو سـەردەمی ئـازادی عـێراق دووبـارە ئـەم شـارە بوژایـەوە. لـەو قۆناغـەوە هـەتاوەکو ئیمـڕۆ ئـەتوانین بڵێـین کـەرکوك شـارێکی ناسـەقامگیرە و پڕکێشـەیە و دوخـێکی ناهـەمواری هەیـە. بـە درێژایی مێژوو ئەم شار پڕبرینە هەمیشە لە کێشمەکێشی. نێوان نەتەوەکانـــدا تاکـــەکانی قوربانیـــان داوە، بـــە تایبـــەتی دوای ڕوداوەکانی ئەمدواییانەی کە لەو شارەدا ڕوویاندا، بە جۆرێك "لەم شارەدا ڕۆژانە بۆنی خوێنی لێدی و دانشتوانەکەی تەنیا بۆ ئیسـتا دەژیـن لـە پێنـاو دەسـکەوتنی ژەمێـك نـان و قومێـك ئـاو کۆشـش دەکەن، لـە نێـوان قـەڵـەمی ڕۆژنامەنوسـێك و راسـتیدا خوێن هەیە، لە نێوان وتەی مامۆستایەك و گوێی قوتابیەکدا مێژویەکی ترس هەیە. لەم شارەدا گرنگ نییە منداڵ تا بە نۆ مـانگی لـە دایـك بێـت "بـەڵکو نـۆ مانـگ بـژین، بازارەکـان و کۆڵانەکان ڕەنگی ترسی هەڵگرتوە، کەم ماڵ هەیە کۆستی مردنی ئازیزێکی بـە خـۆوە نـەبینی بێـت" (تـاهیر،2021:151) لەگـەڵ هەموو ئەم نەهامەتییانەدا قەڵەمە زیندوەکان هەر بەردەوام لە ڕێگـەی ئـەدەب و شـیعر بەتایبەتییـەوە ئومێـد بـە ژیـان و دڵ و دەرونی دانیشـــتوانەکەی هەڵـــدەچنن و ســـنور لـــە نێـــوان

نەتەوەکاندا ناهێڵن، کەرکوك بوەتە هاوشێوەی چەترێك، کە هەموو نەتەوەکانی کۆکردوەتەوە.

## بــەشی دووەم / کــەرکوك لــە ئاســت ڕوخســاری شیعرەکانی شێرکۆبێکەسدا

کـەرکوك ئـەو شـوێنە یۆتـۆپی ڕازێنراوەیـە، کـە لـە یادەوەری شێرکۆ بێکەسدا هەمیشە بوونی هەبووە و مەیدانی ململانێ و ڕووداو و کارەسـاتەکانە، شـاعیر ڕاسـتەخۆ نـەهاتوە وێنـەی کـەرکوك و ڕوداوەکانمـان بـۆ بگێڕێتـەوە، چونکـە ئـەوە کاری مێژوونوسـانە، شـاعیر هـاتوە لـە ڕێگـەی بنـەماکانی شـیعرەوە کەرکوکمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

دەرکەوتـەی کـەرکوك لای شـاعیر بـە زۆری وەکـو ڕەمـز یـان هێما و شێوازە جیاوازەکان بەکاریهێناوە، زیاتر لە چوارچێوەی یـەك بـیردا سـوڕواتەوە، ئـەویش (زمـانی دڵ و کامێرەی چـاوی بیرکردنـەوەی مێشـك و مەعریفـەی ئـەقڵی، یـەك میکـانیزم و داینەمۆ هـەڵی سـوڕاندوەتەوە، ئـەویش بـیری کوردایـەتی بـووە، زەمینـەی ئـەم هـزرە جیهانبینییـە، ماکی لـە دایکبـوون و ڕسـکانی بەشی هـەرە زۆری بەرهـەم و شاکارەکانی شێرکۆبێکەسـە، بەهرە و سـەلیقەی شـاعیرانەی مـەزن بـووە بـە چـاوی کامێرای زیـت بـووە، ورده ورده سـەرنجی لـە شـتەکان و ڕووداو و پێشـهاتەکان دەگرت و تێیان ڕادەما)(بەرزنجەیی2014:21) بۆ باسکرد لەم تەوەردا بە پێویستمان زانی تەنیا باس لە وێنەی شیعری بکەین، وێنەی شیعریی بەشێکی سەرەکی لەدیوانەکانی پێکدەهێنێ ،لەو ڕووە کەرکوك و تایبەتمەندیەکانی کەرکوك دەخاتە ڕوو، پەیام و مەبەسەتەکانی بە خوێنەر دەگەیەنێت، ئەم هونەرە زەمەنێکی درێژە لە گەڵ شێرکۆدا هاورێیە و دەستێکی باڵای تێدا هەیە .

### تەوەری یەکەم //وێنەی شیعریی:

وێنەی شیعریی لە پاڵ زمان و مۆسیقادا پایەیەکی گرنگی دەقی شعرییە، کە بێگومان لە مێژووی گەشەسەندنی شیعریی لەهەر زمانێکـدا وێنـەی شـیعریی گـۆڕانی بەسـەردا دێـت. (سی دی لویس)دەڵێت: "وێنەی شیعریی لە سادەترین واتایدا وێنە بە وشـە، وسـف و خـوازە و لێکچـوون وێنـە دروسـت دەکـەن (نصرـالله،2022::18) هـەروەها لـە زماننـاسی و ڕەخنـەی ئەدەبیدا، ئەم زاراوەیە ئاڵۆزە و تەنها یەك مانامان پێ نادات، بەڵکو لە خۆیدا چەند تێگەیشتن و مانایەکی هەڵگرتوە، وەکو لە زاراوەی ( وێنەی هونەری، وێنەی دەربڕاو و وێنەی وشە، ئەمەیش دەکرێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە ئەم زاراوەیە هـەڵگری یـەك مانـا نییـە" (کـەریم ،6:2022). هـەروەها (محمد غــنمی هــیلال) وێنــەی شــیعریی بــە گــرنگترین هۆکــاری گواســتنەوەی ئەزموونــەکانی شــاعیر دادەنێــت و دەڵێــت: "هۆکاری جەوهەری هونەر بۆ گواستنەوەی ئەزموون وێنەیە لە هەردوو واتای (بەشی و گشتی)دا ئەزموونی شیعری بە تێکڕا وێنەیەکی گەورەی هەمەلایەنە"(هلال،104:1977)

وەك زاراوەی وێنـەی شـیعر، لـە زمـانی ئینگلیزیـدا زاراوەی (Imagination)ی بـۆ بـەکاردەبرێ و "لـە وشـەی لاتیـنی (Imaginatio)هوە وەرگـیراوە. ڕەخنــەگرە فۆرمالیســتەکان جیـاوازی دەخەنـە نێـوان زاراوەی وێنـە (Image) و وێنـەی هونـەری (Imagerry)، بە تێڕوانیـنی ئـەمان وێنـەی هونـەری هاوواتـای ڕەوانبێژیـە "(حەمـەد"118:2021).لـە ئـەدەبیاتی عەرەبیـدا بەرامبــەر بــە زاراوەی وێنــەی هونــەری، زاراوەی "صورة الشعرية و الصورة الفنية"ی بۆ بەکارهاتوە "زۆربەی نوسـەرە عەرەبـەکان لـە بەرامبـەر وێنـە وشـەی (Image )یان بـەکارهێناوە جگـە لـە (احمـد الشـایب) زاراوەی (form)ی بۆ بەکارهێناوە.(الشـایب،242:1994) لە ئـەدەبیاتی فارسـیدا، لـە جێگای زاراوەی (وێنەی هونەری) زاراوەی (صورخیال / وێنەی خەیاڵ)یان بەکارهێناوە " (کەریم ،8:2022").

لـە ئـەدەبیاتی کوردیشـدا لـە لایـەن شـاعیران و نوسـەرانەوە گرنگییەکی زۆر بە وێنـەی شـیعریی دراوە، لای زۆربـەیان هـەر زاراوەی (وێنەی شیعریی یان وێنەی هونەری)یان بەکارهێناوە، ڕەفیــق حلــمی "وێنــەیی فــەنی، وێنــەی شــیعری " (حلــمی ،222:2010) بۆ بەکارهێناوە، هەروەها کامیل بەسیر "زاراوەی وێنـەی هونـەری، وێنـەی ئەندێشەیی"(بەسـیر،107:1981)،و مــارف حەزنــەدار زاراوەی "وێنــەی شــیعری "بــەکارهێناوە. (خەزنەدار،258:198). ئەمانە و چەندان نوسەر و شاعیرانی تر هەر ئەو زاراوانەیان بەکارهێناوە.

لــە ڕووی چــەمك و پێناســەوە هــەر نوســەر و شــاعیرێك بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و هەریەکەو بە شێوازێك پێناسەی کردوە، زۆربەی پێناسە و بۆچوونەکانیش هەر لە چوارچێوەی شـێوازە گشـتییەکەی شـیعردایە. وێنـەی شـیعریی جەوهـەری شیعرە و گرنگترین ئامرازی شاعیرە بۆ گواستنەوەی ئەزموونە شیعرییەکەی و دەربڕینی واقیع و چەقی کۆبوونەوەی ئەزموون و بیرۆکەکانی شاعیرە و یاکۆبسن لە ساڵی (1936) سەبارەت بە وێنەی شیعریی دەڵێ: "شیعر دەکرێ بێ وێنە بێت، بەڵام دواتر لـە سـاڵی 1958 جـارێکی تـر ئـاوڕ لـەو کێشـەیە دەداتـە و لـەم جارەیانـدا جـەخت لـە سـەر بـوونی وێنـە دەکاتەوە"(کـەریم .11:2022)، هـەر لـەم بارەیـەوە ژاکمـارتین ( Jacques Maritain 1973-1882) دەڵێ: "شیعری هاوچەرخ لە بواری وێنە و ژیانی نادیارییدا لە نێو قوڵای ڕۆحدا دۆزینەوەی گەورەی بـەدیهێناوە "(س.پ،12:2022). وێنـەی شـیعریی شـێوازی شـاعیر دیاریـدەکات، ڕێگەیـەکی گرنگیشـە بـۆ ڕەخنـەگران و لێکۆڵەران تاکو لە ڕێگەیەوە بە واتا و مەغزای قوڵی بەرهەمی شاعیران بچن.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە نامانەوێت باس لە ئەرك و ئامانجی وێنەی شیعری بکەین بۆ ئەوەی لایەنی تیۆری بابەتەکە زۆر نەبێت، ئەوەی ئێمە زیاتر پێوستمانە هەڵوەستەی لەسەر بکەن و بیخەینە روو، ئەویش دروستکردنی وێنە لە رووی بونیادە، بەتایبەتی لە رووی (بەرجەستەکردن، بەکەسکردن، بەتەنکردن)، کە شێوازێکی تایبەتی شێرکۆیە و لەو رێگەیەوە دەچینە ناو مەبەستە سەرەکییەکەمان و دەگەین بە خاڵە گرنگ و جەوهەرییەکان، کە ئایا شێرکۆ چۆن و بە چی شێوازێك وێنەی کەرکوکی لە دەقە شیعرییەکانیدا پاوەجێ کردوە.

## تەوەری دووەم //رەنگدانەوەی کەرکوك لە ڕوخساری دەقەکاندا:

### 1- بەرجەستەکردن (التجسید ، Antnro (Pomorpnism

هەموو ئەو وێنانەیە کە شاعیر لە رێگەی خەیاڵی خۆیەوە رۆح و گیان بە بەریان دەکات، وایان لێدەکات لە رێی وشەکانەوە بجوڵێن و بڕۆن و هەناسە بدەن، واتە سیفەتی زیندوێتییان دەخاتە پاڵ. بەرجەستەکردن بریتییە لە گەڕاندنەوەی فۆڕمی مرۆڤ یان تایبەتمەندییەکانی دیکە بۆ هەر شتێکی تر جگە لە مرۆڤ، بۆ نموونە وێناکردنی خوداوەندەکانە بە شێوەی مرۆڤ و گەڕاندنەوەی هەست یان پاڵنەرەکانی مرۆڤ بۆ هێزی سروشت، وەك زریان و بوومەلەرزە. بەرجەستەکردن وەك شێوازێکی ئەدەبی لە کەلتورە ئەفسانەییەکاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە دەتوانن وەك مرۆڤ بوەستن یان قسە بکەن، وەك کارەکتەر لە ناوەراستی سالآنی (170 ) پێش زاینی، ئەم زاراوەیە بەکار هاتووە و وشەکە یۆنانییە، لە (مرۆڤ)، (شێوە) یان (فۆرم)هوە وەرگیراوە. زاراوەیەکە سیفەت و تایبەتمەندی هەستەکانی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ یان شتە نازیندووەکان دوو واتای هەیە:

گەڕاندنەوەی تایبەتمەندی مرۆڤ بۆ ئەو شتەی کە مرۆڤ نییە.

ئیلاهیات: گەڕاندنەوەی تایبەتمەندیەکانی مرۆڤە بۆ بوونەوەرە خوداییەکان، واتا گەڕاندنەوەی هەستەکانی مرۆڤە بۆ ئاژەڵ یان شتە غەیرە مرۆڤییەکان.

"بەرحەستەکردن ڕوونکردنەوەی واتا و ئاشکراکردنی بیرە بە وێنەی هونەری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای داهێنانی شاعیر لە دروستکردنی وێنەیەکی دوور لە ڕێکخستی باو، لە پێناو بەدیهێنانی ئەوەدا شاعیر پەنا دەباتە بەر بەرجەستەکردن و سیفاتە هەستییەکان"(ابراهیم، 279:2000)، بەرجەستەکردنێك کە شتەکان بە جوڵە بهێنی و بەچاو ببینرێ و لە گەشەکردندا بێت ."سادەترین واتا بۆ وشەی وێنە و نزیکترینیان لە زەینی مرۆڤ، بەخشینی جەستەیەك بە شتەکان، بە شێوەیەك بەر هەستی بینین بکەوێت"(سلێوە،80:2009). وێنەی شیعریی رێگای گواستنەوەی ئەزموونی هونەریی شاعیرە، کە وێنەی سادە، ئاڵۆز و پرگرێیەکان بەرجەستە دەکات."بونیادی وێنەی هونەری لە سەر خەیاڵ دامەزراوە، بەڵام لە چۆنێتی و جۆری سنوری دووری و نزیکی خەیاڵەکە جیاواز دەبێ، بە جۆرێك بە جیاوازی هێز و توانای خەیاڵ جیاوازی وێنەیی لێدەکەوێتەوە"(خۆشناو،333:2010).مەبەست "لە بەرجەستەکردن پێشاندانی شتە واتاییە رووتەکانە لە شێوەی شتی بەرجەستە و هەستپێکراودا "(کەریم،249:2012). شان بەشانی پێشکەوتن و گۆڕانی سەردەم، وێنەی شیعریی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و شاعیران پەنایان بۆ وێنەی ناوازە و تازە بردوە، لەم ڕووەوە شێرکۆ دەستێکی باڵای هەیە لە خوڵقاندنی وێنەی بەرز و باڵا، لە بنیاتی دروستکردنیدا پشتی بە شێوازی وێنەی بەرجەستەیی بەستووە.

شێرکۆ لە دەقی (پەروانە)دا، کە لە 2012/1/17 لە سلێمانیدا نوسیوێتی دەڵێت:

حەکایەتی جانانەیە<br>
وەختێ کە شەم بێ بە زام<br>
زام بە شار و<br>
شار کەرکووك و<br>
ئەوسا ئیتر،<br>
ئازار بە دەوری کەرکووکدا<br>
پەروانەیە (شێرکۆ،107:2016)

لێرەدا شاعیر سودی لە (شەم و پەروانە) وەرگرتوە و وێنەیەکی ئێجگار بەرز و جوانی خوڵقاندوە، ئازارەکانی خوی بە پەروانە چواندوە بە دەوری کەرکوکدا، کە هەمیشە لە ناخیدا ئەخولێتەوە، کەرکوك شەمە، ئازارە نەبراوەکەیش ئازاری شاعیر و هەموو کوردێکە کە پەروانەیە.ئازار کە خۆی شتێکی نەبینراوە ،بەرجەستەی کردوە ، لە درێژەی دەقەکەدا دەڵێت :

حیکایەتی جانانەیە<br>
ئەوەتەی ئەم ئەشقە هەیە ،<br>
زێری رەش ئەدا بە دنیا و<br>
چرا ئەبەخشێ بە دەرێ و<br>
کەچی بۆ خۆی، ناوی شەوە و<br>
ناونیشانی تاریکییە .<br>
ئەوەتەی ئەم ئەشقە هەیە ،<br>
رێبوارێکی ڕەش و رووتی<br>
ناو هەژاری و ئەشکەنجەیە ! (س،پ:108)

لەوەتەی کەرکووك هەیە، جێگەی سەرنجی گەلان بووە، بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیا و هەبوونی سەروەت و

سامانێکی زۆر، هەموو سامانەکەی بۆ خوشگوزەرانی گەلانی ترە و شارەکە و خەڵکەکەی لەوپەڕی هەژاری و تاریکدا دەژین، لێرەدا شاعیر مەبەست و خەیاڵی لە ڕێگەی وێنەیەکەوە بەرجەستەکردوە .

خەم کەرکوکە و کەرکوك خەمە،
بەڵام خەمێ ،گوڵ دەرئەکا و
خەمێ کە سەر نەوی نەکا
بۆ ڕەشەبا و لە دونیای ڕق و کینەدا،
شەقام  شەقام،
خۆشەویستی بەرپا ئەکا
تۆ کەرکوکیت،
پێناسەت، ئاگرە و برین
لە ئاگردا قەقنەسیت و
لە بریندا پێ‌کەنینی
باخچەی ئەوین
تو کەرکوکیت، هەموو جارێ
لە خۆڵەمێشی خۆتەوە تۆ دێیتەوە و
ئەبیتەوە بە باڵندەی باڵ بەرینی
سەر ئازادی و ناو ڕاپەڕین،      (س،پ:108-109)

لەم چەند دێرەی سەرەوە زمانی شیعری شێرکۆ زمانێکی شۆرشگێرانەی وەرگرتوە، سیفەتی نەمری و زیندوبوونەوەی بە شاری کەرکوك دەبەخشێت. پڕە لە بەرگری و مانەوە و کۆڵنەدان .لێردا شێرکۆ کەدەڵێت☹خەم کەرکوکە )وێنەی بەرجەستەکردنی دروستکردوە ،چونکە(خەم)شتێکی مەعنەوەیە نابینرێت و  "بەڵام ،کە شاعیر دەڵێت :خەم گوڵ دەردەکات بەرجەستەی دەکات لە ڕێگەی (گوڵەوە)(گوڵ)دەبینرێت ،دەتوانی دەستی لێبدرێت ،بۆن دەکرێت .

**2- بەکەسکردن (تشخيص، Personification)**

بریتییە لەو جۆرە وێنەیەی لە ڕێگەیەوە هەست و سۆز و هەموو سیفات و جموجۆڵەکانی مرۆڤ بە کەرەستەیەك دەبەخشرێ، بە جۆرێك "سروشتی کەسی یان تایبەتمەندی مرۆیی بۆ شتێکی نامرۆیی دەگوازێتەوە و یارمەتی نوسەر دەدات بۆ دروستکردنی وێنەیەك لە خەیاڵیدا، لەگەڵ دروستکردنی ژینگەیەك بۆ ژیانی شتەکانی دەوروبەری. بەکەسکردن پەیوەندی بە ئەزموونی شاعیرەوە هەیە، واتا شاعیر بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر ژیان بە نوسینەکانی دەدات، ئەرکی شاعیر "ئاشکراکردنی ئەو ژیانە شاراوەیە کە لە شتەکانی دەوروبەرماندا حەشار دراون، شاعیر بەهۆی ئەو ڕێگا سەرەتاییەی تێڕوانینێك لە ڕەگەزەکانی سروشت ئەو ژیانەمان بۆ ئاشکرا دەکات" (سلێوە:2009،90). شاعیری سەرکەوتو دەتوانێت ئەم کارە بکات و لە ڕێگەی بەکەسکردنی شتەکانی واقیع و لەو ڕێگەیەوە ئامانج و مەبەستەکانی بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە، هەر بۆیە "بەکەسکردن بە رادەیەك لە قوڵایی مرۆڤدایە، کە زۆرجار وەك ڕەمەکی مرۆڤ قسەی لەسەر کراوە وەکو ئەوەی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە حەز بەوە بکات، شەمەك و کەرەستەکانی دەوروبەری بە قسە بهێنێ و ئازار و پێکەنین و گریانیان پێبدات و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات"(کەریم :2022،70). لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆدا و لە دروستکردنی ئەم جۆرە وێنەیەدا دەستێکی باڵای هەیە، هەمیشە شاعیر هەوڵیداوە لەسەر ئەم بنەمایە وێنەی بەرز و باڵا بەرهەمبهێنێ، بە جۆرێك "وێنە لە شیعری شێرکۆدا بوونێکی سەرابیان هەیە، نزیك دێتە پێش چاو بەڵام دوورە "(کوردۆ :2009،122)، بۆیە دەکرێت بڵێین بە شیعرکردنی شتەکانە و شێوازی سەرەکی شاعیر و لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، وەك شاعیر دەڵێت:

ئەڕۆم.. چۆن هەوری ڕاونراو لە گاپێلی کێواندا.
بە شێوەی (با)یەکی ترساو لە چەخماخە.
بە وێنەی کیژۆڵەیەکی قوتاربووی ئەوسا
لە هەوای هەڵەبجە
ئەڕۆم..
هەر بەو شمشاڵی ئاخ و داخانەوە
کە برینەکانم بۆ تەنیاییی ئەژەنن.
بە پەلە خوێنی نەوتاوی کەرکوکی سینەمەوە
کە بەردەوام سەری بڕاوی تیاهەڵدێ.     (بێکەس 2009:12،)

شێرکۆ لێزانانە لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە وێنەیەکی وردی بۆ کێشاوین (خوێنی بە نەوت) چواندوە و سیفاتی مرۆڤ بە کەرکوك بەخشیوە، کە (سینەیە). هونەری چواندن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی ئەم شێوازە وێنەیەدا، هەربۆیە دەوترێت "چواندن ناوەندی وێنەی هونەرییە، لەبەر ئەوە هەموو وێنەیەك، بە شێوەیەك لە شێوەکان بە چواندنەوە پەیوەستە و بە ئاشکرا یان بە شاراوەیی سودی لێوەردەگرێت "(مبارك و حيدرى(1389:101). بەم ڕێگەیە هەستی خۆی دەربڕیوە و باس لە ئێش و ئازاری ئەو شارە دەکات، شارێکە بە هۆی نەوتەکەیەوە، خەڵکەکەی بەردەوام ئازار ئەچێژن و لە نارەحەتیدان هەروەها شاعیر لە دەق (دڵداری ناو شارێکی مردوو)دا کە لە ڕۆژانی بەستنی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نوسەرانی کورد لە هەولێردا خوێنراوەتەوە، دەڵێ:

دڵدارێکم گۆرانی بۆ :گەردەلوولی بەهاری ناو ئازار ئەڵێم .
دڵدارێکم ئاوێستاکەم یاخیبوونە.
دڵدارێکم ژوان بۆ یار
لە ژێر ئاسۆی نۆی حوزەیرانا دائەنێم
تارای گڕی بابە گوڕگوڕ، ئەدەم بەسەر:

بوکی ناکامی نەورۆزدا و
بـــــــــــۆ مـــــــــــــارەیی خـــــــــــــوێن ئەگـــــــــــــــەڕێم.
(بێکەس،1ب،347:2009)

لێرەدا شاعیر هاواری دەنگی دەخاتە پاڵ ئەو نوسەر و شاعیرانەی بە وشەکانیان بوێرانە لە هەموو بارودۆخەکاندا بێ سەڵمینەوە بەیان دەکەن و توشی هێرشی کۆنە پەرستان دەبنەوە، بەڵام ئەمان هەر بەردەوامن. شاعیر وێنەیەکی جوانی نەخشاندوە و ئەزموونی دەستڕەنگینی خۆی دەرخستوە لە هەردوو وێنەی (تارای گڕی بابە گوڕگوڕ) و (بۆ مارەیی خوێن ئەگەڕێم)دا سیفەتی زیندوێتی پێبەخشیون، یاخود لە دەق (بابە گوڕگوڕ)دا دەڵێ:

بابە گوڕگوڕ
هەڵبەستەکانم .. جۆگەن .
چاوەکانت ..
دەستم
پەل و پۆ و لقە.
ژیانت ڕەگە ڕیشەن .
بۆ ئاڵای .. بڵێسەکەت
مەچەکی لاوی
مێژووم
بۆ ئاسۆی ..سەنگەرەکەت
خۆری خوێنی
هەڵهاتووم. (بێکەس،1ب،455:2009)

بەم شێوازە شاعیر وەسفی (بابە گوڕگوڕ) دەکات و سیفەتی مـروڤی پێدەبەخشێت.لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (چاوەکانت) (چاو)تایبەتمەندی مرۆڤە،(ژیانت ڕەگە ڕیشەن) لێرە (ژیانکردن )تایبەت بەمرۆڤ،ئەگەر چی لە جیهانی ڕاستیدا (بابە گوڕگوڕ) تەنیا چاڵاوگەیەکی نەوتە، بەڵام پێگەیەکی گرنگی داوە بە شارەکە و ژێرخانی شارەکەی بوژاندوەتەوە و مێژوویەکی دێرینی هەیە. لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی لێکچواندنەوە سیفەتی زیندویی و بەتایبەت مرۆڤی پێ بەخشیوە و بەرهەمەکەی پێ جوانتر کردوە و گرنگی بابەگورگوری بۆ خوێنەر روونکردوەتەوە.

### 3--بەتەنکردن (التجسیم، Embodiment)

ئەم شێوازە ئەو وێنەیانە دەگرێتەوە، کە زیاتر تەنە بێگیانەکانی دەوروبەرمانن و سەلیقەی بەرزی هونەری شاعیر هۆکارێك بووە بۆ دروستکردن وێنە، لەرێگەی بە تەنکردنەوە ، واتا بەتەنکردنی ئەو شتانەی ژیرین و تەنن و بارستایی و قەبارەیەکیان نییە، لێرە دارشتە واتاییەکان لە وێنە هونەرییەکاندا وەها خۆیان نیشاندەدەن، کە تەنێکن و قەبارە و بارستاییەکیان هەیە و شوێنیک داگیردەکەن، بەو شێوەیە شاعیر بە هۆی ئەندێشەی فراوانییەوە بە ئاسانی دەتوانێت وێنای شتە ژیرییەکان لە خەیاڵ و دەروونی وەرگردا بە شێوەی هەستی بنەخشێنێت، ئەمەش پێیدەوترێت: بەتەنکردن.(کەریم :2022،75). شێرکۆ بێکەس لە خولقاندنی ئەم جۆرە وێنانەدا، ئەزموونی هەیە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە لە دەقەکانیدا دەبینرێت، شاعیر لە دەق (بروسکەی سرودێکی زامدار) دەڵێ:

لە گەروتانا ڕەشەبای سلێمانین
لە سەر سنگتان تاشە بەردی
ئاگری داغین .
لە چاوتانا ..
شاڵاوی بابە گوڕ گوڕین. ( بێکەس،1ب،358:2009)
***********
بابە گوڕ گوڕ
دەنگم لەناو دڵتایە .
ناوم ..
وا لە شێوەتا .
هەناسەم.. لە سنگتایە
هەنگاوم لە ڕێگەتا . (بێکەس،1ب،456:2009)

لەم دەقەی سەرەوە دا شێرکۆ وشەی (شاڵاوی) بە شێوازی تەنێك وێنای کردوە و قەبارە و بارستایی لە خێرایی و کاریگەری پێ بەخشیوە، یان لە دەستەواژەی (ناوم وا لە شێوەتا)دا، (ناو) نابینرێت، بەڵام شێوە دەبینرێت و قەبارەی هەیە، کردوێتی بە تەنێکی بینراو، بەم ئەزموونکردنەی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، یاخود لە دەق (ئەسپێکی سوور، بۆ شەهید جەعفەر، لە ساڵی (1987 )دا لە سوید نوسیوێتی، دەڵێت:

چەکمان چۆغەی کەرکوك بەسەر
ڕانکی هیوای کوردستاندا لەبەر ئەکات
بە سێ ڕیز فیشەك لغەوە
ئێشك گری شەوانەی ئەم خاکی دایکەن
تۆ بڕوانە ئەوەتا وا
بـە دەم هـاواری خوێنـەوە سـوجدە ئەبـەن (بێکەس ،2009:495ب2)

دەقێکە لە شێوەی لاواندنەوەدایە و داخ و کەسەری خۆی بۆ لە دەستدانی هاوڕێیەکی دەردەبڕێت. وێنە هونەرییەکەی لە شێوازی بە تەنکردندا خولقاندوە لە وشەکانی (ڕانکی هیوا، خاکی دایکەن، هاواری خوێنەوە سوجدە بردن)دا ئەزموونی کردوو وە وێنەی کەرکوکی وەك ڕەمزی نەسرەوتن و بەرخودان و سەرکەوتن نیشانداوە، ئەم جۆرە وێنە یە لە ئەزموونی شیعری شێرکۆدا لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دەبینرێت و دەستێکی باڵای هەیە و بەهۆی ئەو ئەزموونە دووردرێژەی لە بواری شیعریدا و توانا و لیهاتوی و شارەزای خۆی توانیویەتی سودیکی زۆرر لەم شێوازە وێنەیە وەربگرێت. بۆ بنیاتنانی ئەو وینانەش وشەی

زمانەکەی بە کاردەهێنێت، بەڵام هەندێکجار ئەو وشانە بۆ واتا بنچینەیی و فەرهەنگییەکانی خۆیان بەکارناهێنێت و لە ئاستێکی هونەریی بەرزدا لە قاڵبی هونەرە روونبێژییەکاندا بۆ واتای دیکە بەکاریان دێنێت، هەندیکجاری تریش لە شیوازی وەسفی راستەوخۆدا وشە بۆ مانا فەرهەنگییەکەی خۆی بەکاردێنێت و پەسنێکی راستەوخۆی ئەو دیمەن و دیاردانەی پێدەکات، کە دەیانبینێت.

لەم باسەماندا، کە خستومانەتە روو، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین سنوری توێژینەوەکەمان وەك لە سەرەتادا خستومانەتە روو پێکدێت لە بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم، لەگەڵ دیوانی (خێراکە مردن خەریکە دەگات )، لەم خشتەیەی خوارەوە دا ،ناوی ئەوە دیوانە شیعریانە تۆماردەکەین ، ئاماژە بۆ ئەو دیوانە شیعریانە دەکەین کە شاری (کەرکوك) بوونی هەیە، چی وەك رەمز یان بەهەر شێوازێکی هونەری بێت لە هەردوو بەرگەکەدا، پاشان بەراوردیان دەکەین بە ژمارەی ئەو دەقانەی لە دیوانی (خێراکە مردن خەریکە دەگات)، تاوەکو بزانین رێژەی بە کارهێنانی کەرکوك لە شیعری شێرکۆدا لە دوو قۆناغی جیاوازدا لە چی ئاستێکدایە.

*بەرگی یەکەم :

| ژ | ناوی دیوانەکان | بەکارهێنانی کەرکوک | ژمارەی دەق | ناونیشانی دەق | ژمارەی پەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تریفەی هەڵبەست | - | - | - | - |
| ٢ | کەژاوەی گریان | - | - | - | - |
| ٣ | من تینۆیتیم بەگڕئەشکێ | بەڵێ | ٤ | دڵداری ناو شارێکی مردوو، بروسکەی سرودێکی زامدار، بۆ بارزانی، بۆ بابە گوڕگوڕ | ٣٤٦،٣٥٨،٣٧٠،٤٥٥ |
| ٤ | کازیوە | بەڵێ | ١ | لاواندنەوەیەک | ٥٢٤ |
| ٥ | دوو سرودی کێوی | - | - | - | - |

بەرگی دووەم :

| ژ | ناوی دیوانەکان | بەکارهێنانی کەرکوک | ژمارەی دەق | ناونیشانی دەق | ژمارەی پەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەنگاڵە | - | - | - | - |
| ٢ | داستانی هەڵۆی سوور | - | - | - | - |
| ٣ | کەشکۆڵی پێشمەرگە | بەڵێ | ١ | کوڕی بابە گوڕگوڕ | ٣٢٢ |
| ٤ | شایی شەهید | بەڵێ | ٣ | شاهی شەهید، تەقینەوە، ئەسپێکی سوور | ٤٢١،٤٣٢،٤٨٢ |
| ٥ | تەم تومان | -بەڵێ | ١- | تەم تومان | ٥٢٥ |
| ٦ | ئاوێنە بچکۆلانەکان | - | - | - | - |

دیوانی خێراکە مردن خەریکە بگات :

| ژ | ناوی دیوانەکان | بەکارهێنانی کەرکوک | ناونیشانی دەق | ژمارەی پەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خێراکە مردن خەریکە بگات | ٧ | مەحاڵەکان، سوپاسنامە، ئاپۆڕای تورە، بومەلەرزە، پەروانە، ئەوەی بۆ خوایە و ئەوەی بۆ خاک، لە غەزا گەورەکەدا. | ١٩،١٥٩،١١٨،٢٥،٦٣،٩٩،١٠٧ |

لەم خشتانەی سەرەوەدا، ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، لە هەرسێ بەرهەمەکە رێژە ی بەکارهێنانی کەرکوك جیاوازە، لە ڕووی ژمارەی دەقەکانەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە بیخەینە روو بەرگی یەکەم و دووەمە، کە لە چەند دیوانێك پێکدێن، وەك لە خشتەکەدا دیارە. دیوانی وا هەیە یەك وشەی تێدا بەکارنەهاتووە، کە باس لە شاری کەرکوك بکات، بەڵام دیوانی (خێراکە مردن خەریکە دەگات) تەنها یەك دیوانە (7) شیعری تایبەت بە شاری کەرکوك بوونی هەیە، لێرەوە دەگەینە ئەوە ئەنجامەی لەبەرهەمەکانیدا قۆناغی سەرەتایی شیعریی شاعیردا کەرکوك هێندە جێگەی بایەخ نەبووە، بە بەرواد لەگەڵ ئەزموونی شیعری قۆناغی دواتریدا .

## ئەنجام:

1- کەرکوك ئەو شارەیە، کە هەمیشە جێگەی بایەخی شاعیران و نوسەران بووە، شێرکۆ هەمیشە دڵی لای کەرکوك بووە کەسایەتیە و نوسەرە پاڵەوانەکانی ئەو شارە بوون بە رەمز و ناسنامەی کوردبوون لە لای،هەر بۆیە تەنها شیعر شك دەبرد بۆ لاواندنەوە و خەمرەوێنیان.

2-شاعیر دەیەوێت لە رێگەی وێنەی کەرکوکەوە ،بەرخودان وئامادەی قوربانیدان لە پێناو دۆزی نەتەوەییدابناسێنێت.

3- وێنەی شیعریی شێوازی شاعیر دیاریدەکات، رێگەیەکی گرنگیشە بۆ رەخنەگران و لێکۆڵەران تاکو لە رێگەیەوە بە واتا و مەغزای قوڵی بەرهەمی شاعیران بچن.

4- دروستکردنی وێنە لە رووی (بەرجەستەکردن، بەکەسکردن، بەتەنکردن)، کە شێوازێکی تایبەتی شێرکۆیە، لەم رێگەیەوە شاری کەرکوك بەرجەستە کردوە لە دەقانیدا و تێکەڵ بە خەم ئازارەکانی ئەو شارە بووە ،هەر لێرەوە هیوای کوڵنەدان و سەربەرزیان بۆ دەخوازێت .

5- لێرەوە دەگەینە ئەوە ئەنجامەی لە لەبەرهەمەکانیدا قۆناغی سەرەتایی شیعریی شاعیردا کەرکوك هێندە جێگەی بایەخ نەبووە، بە بەرواد لەگەڵ ئەزموونی شیعری قۆناغی دواتریدا ، وەك لە خشتەکەدا ئاماژەمان پێ داوە.

## لیستی سەرچاوەکان


١- بەرزنجی ، سابی، شێخ حسێن، نزار محمد، 2015، شاعیرانی کەرکوك، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.

٢- محمد، سمکۆ بەهرۆز، 2006، مێژووی گۆڕانە رۆشنبیرییەکانی شاری کەرکوك،بەبێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.

٣- كوردۆ، محمد، 2009، جوانی و جیاوازی،چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٤- فەیزی، ئەمین،1982، ئەنجومەنی ئەدیبان، چاپی دووەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.
٥- تاهیر، تەڵعەت، 2021، رۆژگاری وشك و چاوی تە، چاپی یەکەم، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
٦- حلمی، رفیق، 2010، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر.
٧- حەزنەدار،،مارف (د)،2010 ، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر
٨- حەمەد، پەخشان سابیر، 2012، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروکوردستانی عێراق، (1970-1999) چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٩- خۆشناو.هێمن عمر، 2010، شیعرێتی دەق چیرۆکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
١٠- عیسی، هاوژین سلێوە، 2009، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١١- سەعید، محمد ئەحمەد، 2008، کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٢- سەعید، محمد ئەحمەد، 2016، شیکاری دەق، بەبێ ژمارەی چاپ،چاپخانەی تەژنە, بەبێ ناوی شوێن.
١٣- شوانی، رەفیق (د)،2007، کێشەی کەرکوك و چۆنێتی چارەسەرکردنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
١٤- میران ،سەردار،حمید وشارەزا،کەریم ، 2707،حاجی قادری کۆیی ،بەبێ ژمارەی چاپ، شارە کتێبی میدیا، سنە
١٥- خاڵ ،شێخ محمدی و ئاشنا، ئومێد 2010، شێخ رەزای تاڵەبانی ، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر.
١٦- بێکەس، شێرکۆ،2016، خێراکە مردن خەریکە دەگات، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران.
١٧- بێکەس، شێرکۆ،2009، دیوان، بەرگی یەکەم 1968-2008،بەبێ ژمارەی چاپ، سوید.
١٨- بێکەس، شێرکۆ،2009، دیوان، بەرگی دووەم 1968-2008، بەبێ ژمارەی چاپ ، سوید.
١٩- بەصیر، کامیل حەسەن (د)، 1981، لاسایکردنەوە و ڕەسەنی لە ڕەخنەسازی کوردیدا،گۆڤاری، کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی نوسەران، بەرگی هەشتەم.
٢٠- جەباری، جەباری،1974، کورتە باسێکی مێژووی چاپخانەکانی کەرکوك، گۆڤاری بەیان, ژمارە 16.
٢١- بەرزنجەیی، هەڵۆ، 2014، هەڵبژاردن، گۆڤاری قەقنەس، ناوەندی ئاڤێستا لە کەرکوك، ژمارە 1.
٢٢- شێخ بزێنی، دلێرعزیزمحمود، 2017، کەرکوك 1921-1958، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
٢٣- کەریم ،فەرهاد قادر(د) ،2000، بنیادی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٢٤- کریم، مەریوان حمە (د)، 2022، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی سالمدا, نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٢٥- نصرللّه، محمد عزیز،2022، باڵادەستی ئایدۆلۆژیا لە ئەزموونی شیعری لەتیف هەڵمەت، عەبداللە پەشێو، ڕەفیق سابیر، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
٢٦- ابراهیم، صاحب خلیم (د)،2000، الصوره السمعه في الشعر العربي قبل الاسلام، من منشورات اتحاد، الکتاب العرب.
٢٧- الشیاب، احمد،1994، اصول النقد العربي الحدیث، ط1، الدار البیضاه، المرکز الثقافي العربي، بیروت.
٢٨- البازرگان, صباح ،2013، المرشد الی صحافه کرکوك ( 191-2011), 2013، مطبعه الشید ازاد هورامی، کەرکوك.
٢٩- محمود، سامان نوری، 2018، کرکوك ما بین1991-2003، رساله الماجسترالی قسم تار،
کلیةالنسانیة في جامعة السلیمانیة.
٣٠- عثمان، ژیلە کاوە، 2018، کرکوك ما 1991 بین -2003، رساله الماجستیرالی قسم تاریخ، کلیةالنسانیة في جامعة السلیمانیة.
٣١- هلال، محمد غنمي، 1977، الادب المقارن، الطبعة الاثالث، قاهرة، دارنهضة مصر.
٣٢- مبارك و حیدري، دوحید، فرحناز،1389، صوره خیال در شعر شفیعی کدکنی، نامه پارسا، شماره 54.